# من ....پەیکەرەکانی ئێرە... تابلۆکانی قسەکردن

Aram_qaradaghi@hotmail.com

ئارام قەرەداغی



من لێرەوە قسە دەکەم

ئێرە بەشێکە لە نیشتمانی وردە هەناسە

ئێرە شوێنپێی ئەو پیاوەیە

کە دەڕواو

بە ڕێگاکەی بەردەمیدا هەڵەشاخێ

ئەو پیاوەی

هەمیشە بۆڵە بۆڵ بەسەر قەراغی شۆستەکانا ئەکا

ئێرە بەشێکە لەڕۆحی ئەو مرۆڤەی

بەبەرچاوی هەمو دنیاوە دەیکوژن و

بەخوێنەکەی خۆی دواهەمین وەسیەتی بۆ ئەنوسنەوە

وەسیەتەکەی ئەبەنەوە بۆ بیابان

من.. لێرەوە قسە دەکەم

قسە لەسەر ئەو ماسیانە ئەکەم

کە وەڕست بون لە مەلەکردن

که هەمیشه نزائەکەن و ئەڵێن

خودایه..

بریا ئێمەش دوباڵمان هەبوایەو

لەمسەر بۆ ئەوسەری دڵی ئاسمان

لەمسەر بۆ ئەوسەری چاوی هەور

لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی ترپەکانی باران

هەرهەمویمان بهێنایەتەوەیەك

خودایه...

بریا ئێمەش دوقاچ

هیچنا دو دارشەقمان هەبوایه

ئەوسا خۆت ئەتدی

چۆن بەناو دڵی ئەم تۆپەڵه بەردەتا

غارغارێنم دەکرد

ئەوسا خۆت ئەتبینی

چۆن وەك تیتروا‌سکێکی باڵشکاو

تیتروا‌سکێك که لەدەستی ڕاوچیەك ڕزگاری بوبێ

تیتروا‌سکێ که ڕاوچیەکی بەشوێنەوەبێ

خۆت دەتبینی

کەچۆن قونەئەکەم و ڕائەکەم

خودایە بریا..دوقاچ..دوباڵ..هیچنا خەونێك

کەپڕبێ لەباڵ

پڕبێ لە قاچ

پڕبێ لەدارشەق...

من.. لێرەوە قسەدەکەم

من.. ئەو تۆزەخۆڵەم

کە دوێنێ بەیانی لەژێر پێی تۆدا هاوارمەکرد

من لە ڕەنگما نهێنیەك هەیە

لە ڕەنگما.. متبونێکی تیایە

متبونێك..کە زۆرجار خۆشم بەبینینی ترس دامدەگرێ

گومانم هەیە لەوەی کەمن لێرە بوبێتم

ڕەنگە من لەودیوی ئێرەوە بۆ کارێك هاتبێتم و

ئیتر بۆم نەکرابێ بگەڕێمەوە

ڕەنگە من لەکاتی هاتنما

باڵم هەبوبێ و

لێرە باڵەکانم نەمابن

ڕەنگە نهێنی نەمانی باڵەکانی من لەوابێ کوڕی سوڵتان هەڵی گرتبێ بۆخۆی

دورنیە هەرئەو

نەیدابێ بە کێشکەیەکی بەستەزمان

یا ڕەنگە لێرە

کچێکی عەیاری سورو سپی قژ زەرد

هەربۆ خۆشی خۆی

هەموی بۆ هەلاهەلا نەکردبێتم

من.. لەچواردەوری ئەم دیوارەوە قسەدەکەم

وێنەی ئەم دیوارە دروست ئەکەم کەچۆن ئەڕوخێ بەسەرما

باس لەکەوتنە خوارەوەی تەلاَش بەتەلاَشی ئەم بەردانە ئەکەم

سەیرکە من چەند بەدەنگی بەرز

باس لەم نهێنیە ئەکەم

کە نزمترە لە هەناسەی مێرولەیەك

هەناسەی مێرولەیەك کە چاوەڕوانە

یەکتۆزی تر باڵی لێ بڕوێت

لێرەوە قسە دەکەم تکایە بمبورە

ڕەنگە ئێرە مەنفای دراگوێزەکان بێ

ڕەنگە ئێرە سەوزانیەك بێ

بە عەرەقی ناوچەوانی جەنگریزخان

بمبورە.. نالێم ئێرە دوێنێ بەربەریەکان

لەدوای خۆیانەوە بەجێیان هێشت

ئێرە..شۆستەکانی یەکتۆز جیاوازترە لەوێ

لەوێ نیوەڕۆیەك لەسەر شۆستەکان

هەنگاوم لەسەر پەپولەی مردو لائەدا

لێرە.. لەسەر شۆستەیەك

لێرە...لەسەر لێواری جادەیەك

کەزۆرجار فەخر بەبونی خۆیەوە ئەکا

تێبینی( ئەوشۆستەیە نزیك ماڵی ئێوەبوو)

ڕیشۆڵەیەکی سەربڕاوم دی

کە قاچەکانی بەرەوڕوی خوادا بەرزکردبۆوەو

نزای ئەکرد

من ئەزانم کەهێشتا

ئازارەکانی کاتی سەربڕین

به پەڕە ماشو برنجیەكانیەوە دیاربو

من گوێم لێبو

هەر لەپێش هاتنی چەقۆكەوە بۆخودای باسەكرد

تا ئەوكاتەی لەناوەڕاستی ئەوشۆستەیەدا

بەبەرچاوی ئەو خەڵكەوە دەیگوت

ئەی مرۆڤ

سەیری سەرئەنجامی نەخۆشیەكانتان كەن

بۆنكەن

هەموی بۆنی بۆگەنبونی ناخی ئێوەیە

سەیری قورقوڕاگەی من كەن

كەچۆن دەمارەكانی لەیەك بچڕاون

ئەوسا وەك من ئەڵێن

ئێرە وێرانترە لەوێ

وەحشەتەكانی ئێرە

دەنوكی ڕیشۆڵە بەدیاری ئەنێرنەوە بۆ ئەوێ و

وەحشەتەكانی ئەوێش چاوی پەپولە

من بەشێكبوم لەتۆ..

جاران لەڕێگەیەكەوە ئەڕۆیشتم كە پڕبو

له ترپه ترپی دڵی دەمارەكانی پەنجەم

جیاوازتر لەم ڕێگەیەی ئێستام

كه تا ئێستا گوێم له ترپەی دەمارێك نەبوه

هەستم بەڕۆیشتنی چۆڕێك خوێن نەكردوه

من بەشێكم له بەردەكانی ئەم ڕێگایانەو

هیچیش لەهەمو ڕێگاكانی جاران

سەیری من كه ئەزانی

من لەچەند هەزار پارچەی جیاواز

لەچەند هەزار پارچەی كۆكراوه دروست بوم

سەیری من كه

ئیدی بەسه بۆ تێگەیشتن

له ئەهریمەنی ڕێگاكانی ئەمڕۆ و

ئەهرەوازی ڕێگاكانی جاران